# ئابووری بەهێز یا ئابووری پاشکۆ و مشەخۆر

**ئەمجەد شاکەلی**

پێشکەوتن و باشیی ڕەوشی ئابووری و بەهێزیی ئابووری هەر وڵاتێک لەم جیهانەدا، بە هێنانەدی کۆمەڵگەی خۆشگوزەران و خۆشگوزەرانی خەڵک و دامەزراندن و چێکردنی وڵاتێکی خۆشگوزەران و بەهێزی و تۆکمەیی ژێرخانی ئابووری وڵاتەکە دەپێورێت. بەهێزیی ئابووری بە ڕێکوپێکی و تۆکمەیی و بێکێشەیی کارکردنی سیستمی ڕێکخراو و دەسگا و کارگێڕی و دامەزراو و خزمەتگەیێنەرەکانی کۆمەڵگە و وڵات و کارایی ئەوان دەپێورێت. بەهێزیی ئابووری بە بەرزیی هێزی کڕین لە لای هەموو تاکەکانی کۆمەڵ و ئاسانیی توانستی ئەوان بۆ وەدەستهێنان و دەستەبەرکردنی هەموو پێویستییەکانی خۆیان، بێ لەدەمخۆگرتنەوە و خۆجەڕاندن دەپێورێت. لە هەر کوێیەکی ئەم جیهانە، ئەگەر پرسیارێک لە هەر سەرکردەیەکی سیاسی، ڕێبەرێک، سەرۆکی وڵاتێک، بەرپرسێکی حیزبی و ئەندامێکی حیزبی و دەسەڵاتدارێک یا تەنانەت خوێندکارێکی زانستگە و ئامادەیی و وەرزێرێکی زرنگ و کارگەرێکی هۆشیار و ڕەشاییەکی وریا و دەستفرۆشیکی قۆشمە و هەر کەسێکی ئاسایی، لەو بارەیەوە بکرێت، ئەوا بێگومان هەموو ئەو خەڵکانە یەک وەڵام دەدەنەوە و یەک ئەنجام دەدەرێنن و یەک پێناسە و پێوەریان بۆ پێشکەوتن و باشیی ڕەوشی ئابووری هەیە و جەخت لە سەر یەک شت دەکەنەوە، ئەویش بەهێزی و تۆکمەیی ژێرخانی ئابووری و کۆمەڵگەی خۆشگوزەران و خەڵکی خوشگوزەران و وڵاتی خۆشگوزەرانە. ئەگەر ئەو پرسیارە لە تۆ و منیش بکرێت، ئێمەیش هەر ئەو وەرامە دەدەینەوە.

لە کوردستانێکدا کە:

– زۆرینەی خەڵکەکەی ڕۆژانە بە دەست نەبوونی ئەلەکتریکەوە دەناڵێن و دڵۆپێک ئاوی پاکی خواردەنەوە ناخۆنەوە، یا هەر بێئاون و لە نێو ماڵەکانیاندا زستانان لەبەر نەبوون و گرانیی سووتەمەنی و نەوت و گاز و بەنزین لە سەرماندا هەڵدەلەرزن و هاوینانیش لەبەر نەبوونی فێنککەرەوە گڕە و گەرما دەیانسووتێنێت.

– زۆرینەی جادە و ڕێگە و بانەکانی پڕن لە کەند و قۆرت و چاڵ و بێکەڵکن و ڕۆژانە دەیان کەس بە کارەساتی ئۆتۆمبیل تێدا دەچن و یەک ئامرازی هاتوچۆی گشتی وەک شەمەندەفەر و پاس نە لە نێوان شارەکانیدا و نە لە نێو شارەکانیدا نییە.

– ژمارەی تاکسی نێو شارەکانی تا دێت لە زیادبووندایە و دووکەڵی ئەلەکتریکچێکەر(مولدة)ی ماڵان و فرۆشگە و دوکان و جێیکار، هەوای نێو شارەکانیان پیس و ئالوودە کردووە.

– هێندەی ڕێژەیەک گرنگیی بە ژینگە نادرێت و دەلاقە ڕەشی نایلۆن بە هەموو وڵاتدا با دەیهێنێ و دەیبا و شووشە و قوتوو و زبڵ و پیسایی هەموو دانیشتووان دەخرێنە نێو ئاو و ڕووبار و سەرجادە و نێو کۆڵانەوە بی گوێدانە هیچ.

– بێکاری سەردەستە، لێ یەک ملیۆنی مووچەخۆری فەرمی لێیە، کە دەکاتە لە هەر چوار یا پێنج کەسی دانیشتووانی یەکێک و ئەوانی دیکەیشی ئەگەر مووچەخۆری فەرمییش نەبن مووچەخۆری حیزبی و سەدان بەزمی دیکەن.

– دەیان هەزار منداڵی لەبەر بێباوکی یا بێدایکی یا هەردووکیان و هەژاری ناتوانن بخوێنن و ناچارن بۆ ژیاندن و بەخێوکردنی خۆیان و خوشک و برا و دایکەکانیان کار بکەن.
– بە پێچەوانەی هەموو جیهانەوە، ڕێژەی مردن بە هۆی دەرمانی کۆن و کاتبەسەرچوو و نەبوونی تیماری باش و چارەسەری باش و دوکتۆری باش وەکیەک بۆ هەمووان، لە زیادبووندایە و تەمەنی خەڵکەکەیشی تا دێت دەداتە کورتی.
– بەرنامەی خوێندن و بارهێنان و فێرکردن و ئاستی خوێندنی، بە خوێندنی باڵا و زانستگەیشەوە گەلێک نزمە و تا دێت نزمتریش دەبێتەوە.
– کشتوکاڵی وڵاتەکە و ئاژەڵداری، کە بنەما و بنگەی ئابووری وڵاتەکەن، هەر نەماون و هەرچی بەرهەمی کشتوکاڵ و ئاژەڵە لە دەرێی کوردستانەوە دەهێنرێن و خەڵکەکەی لە وەبەرهەمهێنانی کشتوکاڵ و ئاژەڵەوە بوونەتە تەنیا بەکاربەر و بخۆر.
– ئەگەر ئێستایش ئەو خۆراکەی پرۆگرامی نەوت لەهەمبەر خۆراک نەبێت، گرانی هەڵدەستێت و خەڵکەکەی تووشی برسیەتیی دەبێتەوە.
– ئەوەی ژێرخانی ئابوورییە، داری بەسەر بەردییەوە نەماوە و داڕزاوە و داتەپیوە و یەکسانە لەگەڵ سفردا و ئابوورییەکی مشەخوری پاشکۆ، جێی بەرهەمهێنانی گرتووەتەوە.
– کەرتی تایبەت بە دەستتێکەڵکردن لەگەڵ دەسەڵات و سەرانی حیزب و بەرپرساندا هەرچی بواری ئابوورییە داگیری کردووە و هەرچی سەرمایەیشە لە دروستکردنی هۆتیل و چێشتخانە و تەلار و بینای بێکەڵکدا بەکار دەبرێت و هەرچی پارەوپووڵە بە قازانجی چینی دەوڵەمەند و زیانی چینە هەژارەکان خەرج دەکرێت.
– زۆرینەی بەرپرسان و مووچەخۆرانی، شەوانە لە هۆتێل و یانە و بار و مەیخانەکەندا بەسەر دەبەن و ئەگەر لە ئەورووپا بووایەن حیسابی ئەلکوهیلیکیان بۆ دەکرا.
– بچووکتری کار لە کارگێڕییەکاندا ئەگەر بە واسیتە و پەنابردنە بەر دەستڕۆیشتوویەک و ناسیاوێک نەبێت، ئەنجام نادرێت و جێبەجێ ناکرێت.
– جیاوازی جینایەتی و جیاوازی ژن و پیاو سەر تا پێی کۆمەڵگەی گرتووەتەوە.
– ئەگەر مرۆڤەکانی دەسەڵاتدار یا سەر بە دەسەڵات یا سەر بە حیزب یا دەوڵەمەند و سەرمایەدار نەبن، ژیانیان گەلێک سەخت دەگوزەرێ و هیچ کارێکیان بۆ جێبەجێ ناکرێت و هیچ ئازادییەکیان نییە.
– هەزاران لاوی وڵات جێدەهێڵن و بە سەر سەدان مەترسی و دژواریدا ملدەنێن و خۆدەگەیەننە ئەورووپا.
– هەزاران دەرۆزەکەر بە سەر جادە و کۆڵانەکانییەوە دەخولێنەوە تا دێتیش لە زیادبووندان.
– گەورەترین خانوو و تەلارخانەی باژێڕەکان ماڵی دەسەڵاتداران و بارەگای حیزبە و هەر حیزبێک سەدان بارەگا و خانووی تایبەتی هەیە و هەزاران خەڵکی بێخانوویش لە وڵاتەکەدا هەن.
– گەندەڵی و دزی و ساختەکاری و پۆخڵی دەسەڵاتەکەی گەیشتووەتە ڕادەی بۆگەنبوون و لە گەماریدا لەگەڵ هیچ وڵاتێکی جیهاندا بەراورد ناکرێت.
– هیچ جۆرە سیستم و بەرنامەیەکی پۆست و بانک و ترافیک و ئامارێکی تێدا نییە.
– فەرهەنگی، زمانی، ڕەوشت و ئاکاری خەڵکەکەی، خاکەکەی و بوونی، بە هۆی دەسەڵاتەکەیەوە لەبەردەم هەڕشە و مەترسی لەنێوچووندایە و پارەیەکی بۆ شێواندنی فەرهەنگ و تێکدانی هونەر و فەرهەنگی لەنگ و هونەری لەنگ خەرج دەکرێت، لە دەمی خەڵکە هەژارەکەی دەگیرێتەوە و لەسەر حیسابی ئەوان ئەنجام دەدرێت.
– ئێستایش دەعەرەبێنرێت و دەتورکێنرێت و دەفارسێنرێت.

**– دەسەڵاتەکەی تەنێ لەبەر پاراستنی بەرژەوەندەکانی خۆی لەگەڵ ئەم و ئەودا ڕێگە بە هەرچی سیخوڕ و کۆمپانیا و لەشفرۆش و خراپەکاری ئەملا و ئەولا هەیە دەدات بۆ هاتنە نێو وڵاتەوە.**

**– هێشتا نیوەی خاکەکەی، کە بەشە دەوڵەمەندەکەیەتی، داگیرکراوە و دەسەڵاتەکەیشی لە قسە زیاتر، یەک هەنگاوی بە کردەوە بۆ ڕزگارکردنی نەهاوێشتووە.**

**– بە نێوی داکۆکی لە نیشتمان و نەتەوە و بەرژەوەندە نەتەوەییە باڵاکان و پیرۆزییەکانەوە، خەڵکە هەژارەکەی دەمکوت دەکرێت و ئەگەر باسی کێشە و دەردەسەرییەکانی خۆیان و نەبوونە و گرانی ژیان و کلۆڵی و ئازارەکانی خۆیان بکەن و دژ بە دەسەڵات نووزەیەکیان لێوە بێت، وەبەر گوللە دەدرێن.**

**– دەسەڵاتەکەی و حوکوومەتەکەی، نوێنەری چینە بۆرژوازی و سەرمایەدارەکانیەتی و ڕۆڵی بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیایەک دەبینن و هەموو کاریکیان بووە بە کردنەوەی پێشانگە و هۆتێلی گەورە و گەورەبازاڕ و بازرگانی، کە تەنیا سوودی بۆ چینە دەوڵەمەند و سەرمایەدارەکەیە و بۆ هەژارانیشی زیان.**

**– بووەتە بەشێک لە بازاڕەکانی ئیستەنبوول و تاران و بەغدا و دوبەی و بازاڕێکی گەورە بۆ سەرفکردنی هەرچی شتی بێکەڵکی وڵاتانی دەوروبەر.**

**– هیچ جۆرە کارگەیەکی گەورە و چێکردنێکی تێدا نییە و تەنانەت ئاوی خواردنەوەی شووشە و بەرهەمی کشتوکاڵیی وەک تەماتە و بیبەر و گوێز و ئاروو لە دەرێی وڵاتەوە دێت و ڕانەکوچۆخەی دووراو و جلی ژنانە و ئاڵای کوردستانیش لە چینەوە دەهێنرێن.**

**– هەروا پارچە زەوی یەک هەزار و دوو هەزار و پێنجسەد و چەندسەد مەترییە دەدرێت بەم و بەوی دەستوپێی دەسەڵات و یەک پرۆژەی گشتی بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی خانوو و نیشتەجێی تێدا نییە.**

**– ئابووری وڵات و بودجەی وڵات و تەواوی پارەوپووڵی وڵات لە نێوان دوو حیزبی دەسەڵاتداری پارتی و یەکیەتییدا دابەش دەکرێت و هیچ تاکێکی وڵاتیش ئاگاداری چۆنیەتیی خەرجکردن و بەشینەوەی سامانی نەتەوەیی، کە لە بنەڕتدا هی خەڵکە، نییە[1].**

**– دەسەڵاتەکەی بۆ خۆی میلیۆنێر وەبەرهەمدێنێت و دروست دەکات و هیچ سنووریک بۆ مووچە و پارە و مەسرەفی بەرپرسانی نییە و هەرکەسێک کە دەبێتە دەسەڵاتدار و حوکوومەت و وەزیر و ئەندام پەرلەمان و بەرپرسی حیزبی و و بەرپرسی کارگێڕی و حوکوومەتی و دەسگاکانی سەر بە حیزب، ئیدی بێجگە لە مووچەیەکی خەیاڵی، کە وەریدەگرێت، بە لێشاو پارەیش دەخرێتە ژێر دەستییەوە و لە سەرفکردندا دەستی کراوەیە. بەو جۆرە و بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی میلیۆنێر دروستدەکرێت.**

**– ئەمانە و هەزار دەردەسەری و بەدبەختی دیکەی تێدایە، جەلال تاڵەبانی باس لە بەهێزیی ئابووری کوردستانەوە دەکات و شانازی بە بوونی 20 میلیاردێر و 2000 میلیۆنێری شاری سلیمانییەوە[2] دەکات و بوونی ئەوانە بە بەهێزیی ئابووری وڵات دادەنێت. لە گەشتەکەیدا بۆ پاریس لە مانگی یازدەیەمی 2006دا**

---

[1] بودجەی ساڵی 2007ی کوردستان، کە لە حوکوومەتی بەغداوە بۆی تەرخان کراوە، 5982356047 دۆلارە، واتە: یەک قیچ لە شەش میلیار دۆلار کەمتر، کە لەنێوان هەردوو حیزبی دەسەڵاتداردا، بە ڕێژەی 52%ی بۆ پارتیی دیموکراتی کوردستان و 48% بۆ یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، وەک حیزب، دابەش دەکرێت. ئەو بودجەیە بۆ خۆی بۆ حوکوومەتی کوردستان دانراوە بۆ ئەوەی وڵاتی پێ بباتەڕێوە و خزمەتی خەڵکی پێ بکات، بەڵام لە کوردستان کیسە و باخەڵی حوکوومەت و پارەی خەڵکیش هەر هی حیزبە. هەر بە قسەی بەرپرسانی دارایی ئەو حیزبانە، ئەو ژمارەیە بە داهاتی نێوخۆی کوردستانەوە دەگاتە 8000000000 (هەشت میلیار) دۆلار. بنۆڕە ماڵپەڕی ئاوێنە www.awene.com .

[2] حەفتەنامەی "میدیا" و هەندێک ماڵپەر و بڵاوکراوەی کوردی، کە ساڵی پار ئەو هەواڵەیان پەخش کردەوە، ژمارەی ئەو میلیاردێرانەیان بە 35 کەس و میلیۆنێرەکانیشیان بە پتر لە یەک هەزار دانابوو.

جەلال تاڵەبانی، ئەو قسانەی بۆ (مەدام میتران)ی فرانسا کردووە و گوتویەتی:" ئابووری هەرێمی کوردستان بە ڕادەیەک بەهێزە کە شاری سلێمانی 20 میلیاردێر و 2000 میلیۆنێری تێدایە"[3].
هیچ پێدەچێت ئەوە پێناسەی کەسێک بێت بۆ "بەهێزیی ئابووری"، کە لە تەمەنی سێزدە ساڵانەوە و لە ساڵی 1946ەوە، کە تا ئێستا دەکاتە 61 ساڵ خەریکی سیاسەت بووبێت، یا ئەوە بۆچوونی کەسێکە، کە هەموو ژیانی خەریکی بازرگانی و خستنەگەڕی پارە و سەرمایە و وەدووی پارە کەوتوو و بازاڕی و حاجیاغایی بووبێت و ئەگەر سیاسەتیشی کردبێت هەر بۆ ئەو مەبەستەی کردبێت. ئەوە پێناسەی سەرمایەدارێکی بازاڕەکانی شۆرجە و کووچەی مەروی و حەمیدییە و ئیستەنبوولە، کە زۆربوونی دەوڵەمەند و بوونی میلیۆنێر و میلیاردێر بەلایانەوە یەکسانە بە ڕادەی بەهێزیی ئابووری وڵات.
بوونی 20 میلیاردێر و 2000 میلیۆنێر لە سلێمانیدا، ڕادەی بەهێزبوونی ئابووری کوردستان ناگەیەنێت، بەڵکە ڕێک بە پێچەوانەوە نیشانەی لاوازی ئابووری کوردستان دەگەیەنێت. چونکە ئەوانە ڕێژەیەکی زۆر کەمی خەڵکن و نوێنەرایەتیی هەموو خەڵکەکە ناکەن و بوونی ئەوان لە کۆمەڵگەیەکی بێسەروبەری، بێ ژێرخانی ئابووری، وەک کوردستان دەکاتە زیادبوونی دزی و ساختەکاری و چەوساندنەوە و دەوڵەمەندبوون بە ڕێگەی ناڕاست و فریودان. پەیدابوونی ئەو میلیاردێر و میلیۆنێرانە، لەم ماوە کورتەی ئەم چەند ساڵەی دەسەڵاتی پارتیی و یەکیەتییدا، نیشانەی گەندەڵی دەسەڵاتی ئەو دوو حیزبەیە، کە بە پێکهاتن و بە بەشداربوون لەگەڵ ئەو سەرمایەدارانەدا و بە هەردوویان تەواوی ئابووری وڵات دەخۆن.
بوونی ئەو میلیاردێر و میلیۆنێرانە ئەوە ناگەیەنێت، کە خەڵکی کوردستان تێر و پۆشتە و خۆشگوزەرانن، بەڵکە ئەوە دەگەیەنێت، کە ئەوانە لە سەر حیسابی خەڵکی هەژار و بە خواردنی بەشی ئەوان و بە بەکاربردنی ئەوان و بە فریودانی ئەوان بوونەتە میلیاردێر و میلیۆنێر. هیچ میلیاردێر و میلیۆنێرێک بێ دزیکردن نابێتە میلیاردێر و میلیۆنێر. هیچ دەوڵەمەندییەک بێ خواردنی بەشی خەڵکی دیکە و بێ دزی دروست نابێت. بوونی 20 میلیاردێر و 2000 میلیۆنێر نیشانەی دزی و ڕووتاندنەوە و تاڵانکردنی خەڵکە، نەک بەهێزیی ئابووری. بوونی 20 ملیاردێر و 2000 ملیۆنێر کەی بەهێزیی ئابووری دەگەیەنێت! کام یەکێک لەو ملیاردێر و ملیۆنێرانە لە یەک دیناری بریمەری خۆی خۆش دەبێت بۆ برسییەک، هەژارێک، بێوەژنێکی کەسوکار ئەنفالکراو، دەربەدارێکی گیرفانبەتاڵ، منداڵێکی بێباوک و بێدایک، کە ناچێتە بەر خوێندن و دەچێت کار دەکات بۆ ئەوەی دوو سێ خوشک و برای بژێنێت. بوونی ئەو میلیاردێر و میلیۆنێرانە چ سوود و قازانجێک بە زۆرینەی خەڵکی هەژار و چینەکانی خوارێی جڤاکی کوردستان دەگەیەنێت و بەوان چی[4]!
ئەگەر کەسێک خاوەنی ڕابوردوویەکی سیاسی بووبێت و ساڵانێک خەڵکی بە قسەوباس و بانگاشەی"سۆسیالیزم و مارکسیزم و ماویزم و ملانێی چینایەتی"یەوە خەریک کردبێت[5]، هەرگیز بەو جۆرە

---

[3] www.awene.com ، ماڵپەڕی ئاوێنە، 2-2-2007.

[4] دەڵێن کەسێک بە هەڕا و هەڵەداوان هات و چووە بەردەم مەلا نەسرەددین و گوتی مامۆستا ئەوە لەو کۆڵانەی ئەولایە حەڵوا و شیرینی دەبەشنەوە. مەلایش گوتی: جا بە من چی! کابرا گوتی: ئاخر بۆ کۆڵانەکەی ئێوە و بۆ بەر ماڵی ئێوە چوون. مەلا گوتی: جا بە تۆ چی!

[5] ساڵانی1966-1971 کەلار مۆڵگەیەکی بەهێزی جەلالی بوو. چەکدارێکی زۆری لێبوو و سەرانی جەلالییش بەردەوام لەوێ بوون و ئەگەر لەوێیش نەبووایەن، لەنێوان بەکرەجۆ و دارەمان و بەغدادا تەراتێنیان دەکرد. لە کەلار کابرایەک بە نێوی "مینەی تاماس" هەبوو. پیاوێکی ئاسایی و هەژار و بڕێک قسەقوت بوو. ڕۆژێکی هاوینی ئەو گەرمیانە، مینەی تاماس، دەستێک چۆخەوڕانەکی لە گونیێ(یا گوێنی وەک لە سلێمانی پێی دەڵێن) دروستکراو لەبەر دەکات و لە کۆڵان دادەنیشێت. باسی مینەی تاماس و چۆغەوڕانەکەی دەگاتەوە جەلال تاڵەبانی و تاڵەبانییش دەنێرێتە دووی مینەی

**بیر ناکاتەوە. ئەمەی کە جەلال تاڵەبانی بانگاشەی بۆ دەکات، پیرۆکردنی "تاتچەریزم" و "تایبەتاندنی هەموو بوارەکانی ئابووری ژیان" و "بازاڕی ئازاد"ە، کە تیڕاونین و فەلسەفەی نوێلیبەرالیزم یا نۆلیبەرالیزم (New Liberalism)ە، کە لە بەکاربردنی مرۆڤ و تاساندن و پێشێلکردن و کوشتنی خەڵکی هەژار و پتر هەژارکردنیان و زاڵکردنی سەرمایەدار و پتر دەوڵەنبوونیان و تاڵانکردنی سامان و وێرانکردنی جڤاک و ژینگە زیاتر، چ خێر و سوودێکی بۆ مرۆڤایەتی نەبووە و نییە.**

**ئەگەر کەسێک لە ژیانیدا هیچ سیاسەتیشی نەکردبێت، بە ئاسانی لەو هاوکێشەیە تێدەگات، کە بوونی ئەو ژمارە میلیاردێر و ملیۆنێرانەی سلێمانی ناکاتە بەهێزیی ئابووری کوردستان. هیچ زلەسیاسەتکارێکی تەنانەت وڵاتە سەرمایەدارییەکانی وەک ئەمەریکا، ئینگلستان، فرانسە، ئەڵمانیا و ژاپۆنییش، هەرگیز زۆربوونی میلیاردێر و میلیۆنێر بە تۆکمەیی و بەهێزی ئابووری وڵاتەکانیان دانانێن. جەلال تاڵەبانی، لە بەرک و جزدان و کیسەی پڕ و هەڵاوساوی خۆیەوە دەنۆڕێتە ئابووری کوردستان. ئەو بۆ خۆی ئەگەر لە ڕیزی میلیاردێرەکانی کوردستاندا نەبێت، ئەوا لە ڕیزی میلیۆنێرەکانیدایە. خەڵکانی لەو جۆرەیش تەنێ هاوتای خۆیان دەبینن و دەدۆزنەوە و هەژار و برسی و نەدار و گیرفانبەتاڵی وڵات بۆ ئەوان"کیسەڵ و قرژانگ"ن[6].**

**وڵاتێک یا کۆمەڵگەیەک ئەگەر هەموو خەڵکەکەی وەکیەک سوودمەند نەبن لە داهات و خزمەت و بەرهەمی و ئەگەر تەواوی بنەما و پێویستییەکانی ژیان بۆ هەموو تاکێکی خەڵکەکەی وەکیەک و بێجیاوازی دابین نەکرێت و ئەگەر تەواوی خەڵکەکەی لە هەموو ماف و دەسکەوت و بەرپرسیاریەتیی و دەسەڵات و بڕیاردانێکدا هاوتا و یەکسان نەبن و ئەگەر هەموو تاکەکانی چوونیەک ئازاد و خاوەنی قسە و بیروڕای خۆ نەبن، ئەگەر هەموو تێر و پۆشتە و خاوەن کار و خانووی خۆ نەبن و ئەگەر هەموو وەبەر بیمەی بێکاری و پیری و کەنەفتی و سەقەتی نەکەون و ئەگەر سامانی وڵات بۆ هەمووان نەبێت، هەرگیز بە کۆمەڵگەی خۆشگوزەران ناژمێردرێت. کە بە کۆمەڵگەی خۆشگوزەران نەژمێردرا، ئابوورییەکەیشی بە بەهێز و تۆکمە ناژمێردرێت.**

2007–2-10

---

تاماسدا. تاماس لەبەردەم تاڵەبانی ئامادە دەبێت و تاڵەبانی لێی دەپرسێت: ئەری مینە ئەو جلە چییە لەبەرت کردووە؟ مینەی تاماسیش دەڵێ: جا مامە مەگەر تۆ هەموودەم باسی پرۆلیتار ناکەیت، دەی ئەمە جلی پرۆلیتارە!

[6] (خەلیفەعەبدوڵڵا)یەک هەبوو خەڵکی دێی (گۆبان)ی گەرمیان و جافی گڵاڵی و خەلیفەی شێخانی قەرەچێواری تەریقەتی قادری بوو. کە تووڕە دەبوو و دەکەوتە نێو حاڵەوە، بە دەنگی بەرز و هاوارەوە دەیقیڕاند و دەیزریکاند و زۆر بە خێرایی و چەندین جار لەسەریەک، وەک کاسێتێک کە تێکدەچێت، دەیگوت:"ئێمە کێسەڵ و قرژانگین، ئێمە کێسەڵ و قرژانگین". ئەو وەک جاف بە"کیسەڵ" دەیگوت "کێسەڵ" و مەبەستی لەو ڕستەیەیش، بچووکی مرۆڤ و هیچوپووچیی بوو بەرانبەر گەورەیی خودا.